# ئەو پیاوەی بەرگەی نیگایەکی نەگرت

مامەند جەهانمیهەن

زریان و ڕەشەبا هەڵیکردبوو و هەدای نەدەدا، وەک کەسێکی نابینا کە منداڵێکی لاسار گۆچانەکەی لێ ڕفاندبێت، ڕەشەبا بەناو ئەو خڕ و دۆڵ و شیوەدا، دەیلووراند و دەگەڕا و، بە چواردەوری خۆیدا دەستی دەکوتا.

هەر کە شەو ڕاشکا و زەردەی دا، گژەبایێکی تر بەهاژو هووژ، لە بەری ڕۆئاواوە هەڵیکرد و لەگەڵ زریان لەیەک گژان, ئیتر بوو بە بارِن و کڕێوە و تەم تۆمان و تا تاریکان دەستیان لەیەک بەرنەدا و مەودای هاموشۆی کەسیان نەدا.

کە با کەوت و تۆزێک خۆشی کردەوە، درەنگ ببوو، شەو مەیبوو و نەدەبزووت، تاریکایی هەموو کونج و کەلێنێکی کپ کردبوو ، بێجگە لە ترووسکەی چراکانی شار کە پرتە پرتیان بوو و بە کز ولاوازی داییسان، هیچ شتێک سرنجی ڕانەدەکێشام.

هەر ئەو شەوە بە کوێرە شیویکدا بەرەو شار شۆڕ بوومەوە و لە ماڵی ئاشنایەک مامەوە.

هەر چەند دەمزانی نەخۆشە بەڵام هەواڵی ژیان و گوزەرانیم پرسی، کوتیان: تۆزێک ناساخە و لە نەخۆشخانە کەوتووە، ئەگەر لە خۆت ڕادەبینی، دەتوانی توێژێک بهاوێی و خۆت بگۆڕێ و لەگەڵ دایکم بچیت سەری لێبدەی.

بۆ ئێوارە لەگەڵ خانەخویێ بۆ سەردانی نەخۆش کەوتینە ڕێ، بە داڵانی دوور و درێژ دا تێپەڕین، خەڵکێکی زۆرم دیت، بەڵام من کەسم نەدەناسین، دانە دانە پیاوی جل بەڵەک بە بێ ڕەخت و چەک بە پەلە بە لاماندا تێپەڕین، لە کەسێک دەگەڕایین ژمارەی ژوورەکەی بپرسین.

دەرگایەک لەسەر پشت بوو، چەند نەخۆش لە سەر تەختەکان خامۆش کەوتبوون، پیاوێک بە سەر و چاوێکی شێواو و پەرێشان نیگای لە چاوم چەقاند و ترس و خەیاڵ و دڵەڕاوکەی منی ڕەواند.

خۆی بوو.

ئەو پیاوەی زمانی هەموو مەلێکی خۆشخوانی دەزانی و بۆ نەرم و نیانی وەک ئەستێرەی بەیانی دەیجریواند،

ئەو باوکەی تەنیا لەگەڵ دار و گوڵ و لک و پۆپ و چڵ دەدوا و سێبەر و نیسێی شەنگە بی بەکۆشک و سەرا و تانج و تەختی شایی نەدەدا.

ئەو پیاوەی لای وابوو ئەگەر پێچ و کڵاوی لەسەر نەبێت ئەوە ڕووت و قووتە ودەبێ شەرمی بەخویدا بێت .

ئەو پیاوەی هەرگیز لە کڵاوڕۆژنەی ئایینەوە بۆ تیرێژی خۆای نەڕوانی و لای وابوو خواناسی ئەو پاڕانەوە و نوشتانەوە و خۆ سووک و چرووک کردنەی پێناوێت، خۆ ئەگەر خوا کەسێکی

وەک "رضاخان"یش بیت ڕۆژێک دەبێت لێت وەڕەز بێ و تووڕە بێت و بڵێ: کابرا تۆ نابێت تۆزێک ڕێزت بۆ خۆت هەبێت!

بابم ئەگەر کەسێکی دووراودوور دیبا دەیزانی کێیە و لەچی دەگەڕێ و بۆ کوێ دەچێت، ئەگەر ناسیاویش نەبوایە دەیزانی کێ دەناسێ و میوانی کێ دەبێت، خۆ ئەگەر کابرا بە هەڵکەوت شەبکەیەکی لەسەر بوایە، گومان هێرشی بۆ دێنا و دەیکوت: بێت و نەبێت ئەو پیاوە دەبێت کەینەو بەینەیەکی لەگەڵ دەوڵەت هەبێت.

هەنگاوێک چوومە پێش، بەڵام  ئەو لەبەر پەرێشانی و  دەرد و ئێش و ژانی هۆشی لەمن نەبوو، دوو سالیش بوو نەمدیبوو و من گۆڕابووم و گەورە ببووم.

پیاوێکی شین پۆشی ڕیشن بە تەنیشتم دا تێپەڕی، باوکم کە لای کردەوە و منی دیت، تاوێک ڕاما و, منیش زەردەیەکم بۆ کرد، کە دڵنیا بوو منم چەند جار لە سەر یەک هاواری کرد: بڕۆ دەتگرن! بڕۆ دەتگرن! ئیتر دەنگی کەوت و زمانی شکا و چیتر نەدوا، منیش بەپەلە پاشە و پاش بەرەو دوا گەڕامەوە.

هەر ئەم شەوە من لە شار دوور کەوتمەوە و، سێ مانگ دواتر هەواڵی مردنیم لە شارەدێی"کەناروێ"ی شارباژێر لە پیرێژنێک بیستەوە، بەڵام دواتر زانیم کە هەر ئەم شەوە کە من  بۆ دواجار چاوم پێیکەوتەوە، پەیمانی لەگەڵ ژیان هەڵوەشاندبوو و کتێبی شڕ و وڕ و پڕ ڕەنج و کوێرەوەریی ژیانی بەیەکجاری وێک

نابوو.

ئەم وێنەیە گۆیا منم، هەر چەند تێی ڕادەمێنم، لەخۆم دەپرسم، تۆ بڵێی من شایانی ئەم شانازییەوە بم کە لەو وێنەدا پێی کردووم! بڵێی چ خەونێکی پێوە دیبووم کە خاو بۆوە و کەڕووی هێنا و نەهاتەدی!